www.kurdistannet.org
24/07/2003 01:48

# گوڵدانێك بۆ گەلەئایدیۆلۆژیا سیاسییە هاوچەرخەکان

ئەمجەد شاکەلی

نووسەر: ڕەیدار لاشۆن.
ناوی کتێب: گەلە ئایدیۆلۆژیای سیاسی هاوچەرخ.
تەرجەمەی: ئاسۆس کەمال.
چاپی یەکەم، سوێد، کتێبی هەرزان، 2001.
ژمارەی ڕووپەل: 247.

هەرچەندە "فرانسیس فۆکۆیاما" بە تیۆری "کۆتایی مێژوو"، جاڕی گەیشتنەبنبەست و مردنی تەواوی ئایدیۆلۆژیاکان دەدات و پێی وایە، تاکەئایدیۆلۆژیایەک، کە دەتوانێت درێژە بە بوونی خۆی بدات و بژێت و وەرامی هەموو پرسیارێکی مرۆڤ و پێداویستییەکانی بداتەوە، دیموکراتیی لیبەراڵ یا نوێلیبەرالیزمی سەرمایەدارییە لە مۆدێلە ئەمەریکایەکەیدا و ئەگەر ئەو دیتنە بۆ خەڵک و وڵاتگەلێکی دیکە، جێی دەمەتەقە و باس و خواس، یا ڕاستییەکی ڕەها بێت، لە وڵاتی ئێمەدا (کوردستان) هێشتا، ئایدیۆلۆژیا، گشت ئایدیۆلۆژیاکان، بە ئایینەکانیشەوە، هەر لە دەسپێکرا، جیهانێکی تەلیسماوی، ئەفسووناوی، تەماوی و ناڕوون بوون هەن و لەگەڵ ئەوەشدا، کە زۆریان لە سەر گوتراوە و نووسراوە، لێ سەنگ و بەهای خۆیان نەدراوەتێ و لێکۆڵینەوەی ورد و ڕەخنەئامێزانە و تاوتووکارانەیان لە بارەوە نەکراون و زۆرجارانیش لاڕێ و تووڵەڕێ بۆ شیکردنەوەیان گیراونەتە بەر و خەڵکی ئێمەش-گەلێ جار- هەڕەمەکییانە و بێلێکدانەوە شوێنیان کەوتوون. ڕەنگە فلستینییەکان و کورد، لەچاو گەلانی دیکەی دەوروبەری خۆیاندا، یەکەمین دوو گەلیی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بن، کە لە هەمووان پتر سەروسەودایان لەگەڵ سیاسەتدا بووبێت. هەردووک بەهۆی داگیرکراویی و خەباتی سەختی چەکدارانە و پێشمەرگانەیان دژ بە داگیرکاران و نەیارانیان. لەنێو هەردوویاندا هەرچی بیری سیاسی و ئایدیۆلۆژیای ئەم جیهانە پان و بەرینە هەن، ڕەنگیان داوەتەوە و خۆیان دۆزیوەتەوە. کورد پتر لە سالانی 1970کان بە دواوە، لێ فلستینییەکان لە پێشترەوە. فلستینییەکان بەهۆی فەرهەنگیی عەرەبییەوە، ئاگاداری زۆرینەی کون و قوژبن و فێرگە و ئایدیۆلۆژیا و تیۆری سیاسیی جیهان بوون. کورد، کە بە زمانی خۆی- بە هۆی کۆمەڵێک هۆکاری جیۆگرافی، سیاسی، جڤاکییەوە- بۆی نەلواوە ئەو بابەتانە بخوێنێتەوە، بۆی سەخت بووە بتوانێت بە هاسانی ئاگاداری هەموو ئەو تەوژمە هزرییانەی جیهان بێت و ئەگەریش تا ڕادەیەک سەرەتاتکێی لەگەڵیاندا کردبێت، ئەوا لە ڕێگەی فەرهەنگی عەرەبی، فارسی و تورکییەوە بووە. کتێبخانەی کوردیی لە بارەی کتێبی هزری، فەلسەفەیی، تیۆری، ئایدیۆلۆژی (بە هەموو جۆرێکییەوە) یەوە، گەلێک هەژار و نەدار و لاواز و چۆڵە. مرۆڤی خۆبەڕۆشنبیرزانی کورد، سیاسەتکاری کورد، فەرهەنگییانی کورد، خۆ لە هەموو بوارەکانی سیاسەت هەڵدەقورتێنن، لێ تا ئێستا کارگەلێکی، کە لەو بوارەدا کراون، لە قامکەکانی دەست تێپەڕ نابن. وەرگێڕان نەکراون و ئەگەریش کرابن، زۆر دەگمەنن. یەکێک لەو لاوانەی، کە وەها کارێکی گەلەک گرنگی کردووە "ئاسۆس کەمال"ە. "گەلە ئایدیۆلۆژیای سیاسیی هاوچەرخ"، کە "ڕەیدار لاشسۆن"ی مامۆستای زانستی سیاسی زانستگەی ستۆکهۆڵم نووسیویەتی، "ئاسۆس کەمال"، کردوویە بە کوردی. ئەم کتێبە بە پێناسەیەکی ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت و پەیدابوونی ئایدیۆلۆژیا و ئایدیۆلۆژیا باوەکانی سەردەم و مردن و کۆتاییهاتنی ئایدیۆلۆژیا دەستپێدەکات و گەشتێکی تێروتەسەل بە نێو لیبەرالیزم، کۆنەوارەتی (کۆنسێرڤاتیزم) ، مارکسیزم، کۆمیونیزم، سۆسیالیزمی بیرازخوازانە، ئەنارکیزم، سەندیکالیزم، فاشیزم، نازیزم، کاتۆلیکیزم، چەپینوێ، نوێلیبەرالیزم، ئێکۆلۆژیزم، فێمینیزم، ئیسلامەتی و ناسیۆنالیزمدا دەکات. تەواوی ئەو باوەڕ و تەوژمە هزری-سیاسییانە دەخاتە

بەر باس و لێکۆڵینەوە و گشت ڕەهەندەکانیان بۆ خوێنەر ڕوون دەکاتەوە. نووسەر بە شێوەی باسکار و توێژەرەوەیەک، بابەتییانە بە نێو ئەو تەوژمە هزری و تیۆرییانەدا دەگەشتێ و دەدوێ و لە هەموو لایەنەکانەوە دەنۆڕێتە بابەتەکان. "ڕەیدار لاشسۆن"، بۆ هەر بەشێک لەو بابەتانەی خستوونیە بەر باس، بە قووڵی لە ڕەهەندەکانی ئەو بەشانەی نۆڕیوە. نرخاندوونی، دید و مرۆڤنۆڕی یەکبەیەکی ئەو بیرانەی خوێندووەتەوە، مێتۆدی گۆڕینی کۆمەڵگە و شێوەی فەرمانڕەوایی ئەو بیرانەیی لێکداوەتەوە و خستووەتە بەر باس. سازمانی ئابوورەکی و شێوەی چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکان و ژێرخانی کۆمەڵگەی لە ڕوانگەی ئەو ئایدیۆلۆژیایانەوە شیکردووەتەوە. دواتریش دوائامانج (یووتۆپیا) ی نموونەیی بۆ داهاتووی ئەو ئایدیۆلۆژیایانە ڕوونکردووەتەوە. "ئاسۆس کەمال"، بە کردنە کوردیی ئەو کتێبەوە، گەلێک ماندوو بووە و کارێکی گەلەک مەزنی کردووە. دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم، کە "ئاسۆس کەمال"، نەک کتێبەکەی وەرگێڕاوە بۆ کوردی، بەڵکە بۆ خۆی و بە کوردی کتێبێکی لەمەڕ ئایدیۆلۆژیا سیاسییە هاوچەرخەکانەوە نووسیوە، چونکە بە ڕاستی هێندەی جوان و ڕەوان کردووەتە کوردی، کە هەر دەبێ دەستخۆشی لێبکرێت و مایەی دڵخۆشیشە، کە وەها کارێک لە بواری هزریدا و بە زمانی کوردی ئەنجام بدرێت. بێگومان وەرگێڕانی لەم جۆرە باسانە بۆ زمانی کوردی، لەبەر نەبوونی فەرهەنگی زمان (قامووس) و نەبوونی بنەما و بنگە و نەریتێکی فەلسەفەیی و هزری و نەبوونی دەستەواژە و پەیڤ و وشەگەلی پڕبەپێست و قاڵبگر، بۆ هەموو ئەو وشە و دەستەواژە ئەوروپاییانە، کارێکی هێندە سەختە، کە مەگەر هەر بە کەسێکی لێهاتووی وەک "ئاسۆس کەمال" ئەنجام بدرێت. دیارە"گەلە ئایدیۆلۆژیای سیاسی هاوچەرخ"، دووەم بەرهەمی "ئاسۆس کەمال"ە. بەرهەمی یەکەمی "ڕێگوزەری بیری سیاسیی. . " بوو. "ئاسۆس کەمال"، لە هەردوو بەرهەمەکانیدا، لە وشە و زاراوەسازیدا، پێڕەوی مامۆستا "مەسعوود موحەممەد"ی کردووە و لە سەر ڕێچکەی وی ڕۆیشتووە، کە ڕەنگە لە بواری زاراوەسازیی هزر و ئایدیۆلۆژیا و بیری سیاسییەوە-لە نێوکورددا و تا ئێستا- یەکێک لە باشترین و ڕاستگۆترین سەرچاوەکانی زمانەوانی بێت، بۆ ماندوونەناسان و پەرۆشان و سەرسەختان و دڵسۆزان و بەتەنگەوەهاتووانێکی "ئاسۆس کەمال"ئاسای فەرهەنگی کوردیی. "ئاسۆس کەمال"، هەم "ڕێگوزەر. . "ەکەی و هەمیش "گەلەئایدیۆلۆژیا"کەی، کۆڵێک سەرکەوتووانە بۆ خوێنەری کورد وەرگێڕاوە. وردەتێبینیگەلێک، کە من بۆ خۆم لە سەر وەرگێڕانەکەی "ئاسۆس کەمال" هەمە، ئەمانەن:

1. هەرچەندە هێشتا کورد"وەک جڤاک" لە زۆر ڕووەوە: سیاسەت، زمان، فەرهەنگ، هونەر، جڤاک، ئامانج، ئابووری، هزر، و. . . لە پاشاگەردانیدایە و بێشیرازەیی و بێسنووری و شپرزەیی بە هەموو کارێکییەوە دیارە و نێوانی دروستی و نادروستی شتەکان زۆرجاران، تەنێ هەست و دیدی مرۆڤ بۆخۆی و بەتەنگەوەهاتنی تاکەکان، دیاری دەکەن، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا، من پێم وایە، وشەگەلی: ڕێک خستن (ل:7) ، کۆنترۆڵ کردن (ل: 7) ، ڕێک کردنی (ل: 7) ، بڕیار دانی (ل:9) ، دابەش کردنێک (ل:9، 15، 25) ، دیاری کردنی (ل: 13، 200) ، کەم کردنەوەی (ل: 17، 187) ، ڕاوێژ کردنی (ل: 17) ، دابین کردنی (ل:85، 79، 59، 23) ، پێشان دانی (ل: 25) ،

بەرهەم هێنان/هێنانی (ل:190، 179، 176، 175، 155، 154، 150، 119، 118، 117، 107، 103، 95، 94، 91، 88، 76، 75، 74، 73، 71، 70، 68، 66، 64، 43، 26، 60) ، مەسرەف کردن (ل:36) ، بەرهەم بردن (ل: 65، 26) ، پێشێل کردنیان (ل:41، 37) ، خەفە کردنی (ل: 38) ، چارە کردنی (ل: 39) ، دەنگ دان (ل:72، 58، 53، 50، 49، 41، 40، 39) ، گەشە کردن/کردنی (ل: 86، 40، 200) ، کەم هەژماردا (ل:38) ، دروست بوون/بوونی (ل:61، 40، 230) ، بیر کردنەوەی (ل:40) ، خۆش کردنی (ل:40) ، پەسەند کردن (ل:42) ، ڕەت کردنەوەی (ل:58، 42) ، کەم بوونەوەی (ل:43) ، بەرپەرچ دانەوەی (ل:50) ، دیاری کراو/کردنی (ل:، 90، 50) ، دەست تێوەردانی/تێوەردان (ل:61، 60، 57، 162، 170، 230) ، نوێ کردنەوەی (ل:51) ، خزمەت کردنی (ل:53) ، بڕیار دان/دانی (ل:53، 109) ، باج گرتن (ل:54) ، خامۆش کردن (ل:54) ، ڕێ بەستن (ل:

www.kurdistannet.org
24/07/2003 01:48

54) ، هەوڵ دان (ل:58) ، یەک گرتنی/گرتن/گرتنێکی (ل:83، 69، 59، 97، 95، 88، 87، 179) ، ئەهلی کردنی (ل:61) ، بەردەوام بوون (ل:62) ، شی کردنەوەی (ل:64) ، دەرک کردنی/کردنیان (ل:67، 134) ، کار تێکردنی/کردن (ل:67، 188) ، حوکوم کردنی (ل:73) ، ڕێبەرایەتی کردنی (ل:75، 87) ، بیراز کردنی (ل:77) ، پیادە کردنی (ل:77، 179) ، تێهەڵکێش کردنی (ل:78) ، چاک/چاکتر کردنی (ل:84، 101، 137، 152، 168، 178) ، قەدەغە کردنی/بوون (85، 129) ، خۆ دابڕین (ل:85) ، دەرس دانێکی (ل:85) ، بنەبڕ کردنی (ل:85) ، بەرز کردنەوەی (ل:85) ، پەیدا کردنی/بوونی (ل:86، 143، 223) ، چارەسەر کردنی (ل:87) ، سەرەوژێر کردنەوەی (ل:88) ، نێزیک بوونەوە (ل:89، 132) ، دەسەلات گرتنە دەست (ل:89) ، ڕاست کردنەوەی (ل:92) ، قایل کردنی (ل:92) ، دەست بەرداری (ل:93) ، دەستوو دانان (ل:96) ، ڕێک خستنی (ل:98، 97) ، مشتومال کردنی (ل:98) ، واز هێنانی (ل:99) ، باوەڕ هێنانی (ل:99) ، پارسەنگ کردنی (ل:101 ) ، هاوسەنگ کردنی (ل:101) ، لێکتر گەیشتنی (ل:103) ، دەنگ دان (ل:125، 124، 104، 179، 178، 168، 165، 164) ، زاڵ بوون (ل:106، 129) ، ڕەش کردنەوەی (ل:107، 141) ، جودا کردنەوەی (ل:107، 166، 243) ، سەرنج ڕاکێش (ل:126، 112، 108، 228، 225) ، بەرێوە بردنی (ل:108) ، یەک خستنی (ل:114) ، مان گرتنی/گرتن (ل:115، 129) ، جێبەجێ کردنی (137، 116) ، تەرخان کردنی (ل:117) ، کۆک کردنی (ل:117، 141) ، ڕێک کەوتن (ل:119) ، پەیمان بەستن (ل:119) ، دروست کردنی/بوونی (ل:119، 167، 215، 213، 185، 218، 216، 212، 206، 196) ، هەڵنرا بوون (ل:122) ، لە چارە نەهاتوو (ل:124) ، پاس دانی (ل:124) ، جێ دەهێڵێ (ل:126) ، ڕاڤە دانی (ل:127) ، گوشار هێنانی (ل:127) ، کارخانە بەستن (ل: 129) ، نیشتەجێ بوون (ل:129) ، زەوت کردنی (ل:136) ، لێک دانەوە (ل:134) ، پێک دێنن (ل:136) ، ئەنجام دانی (ل:137) ، کۆمەک کردنی (ل:137) ، بەر هەڵست کردنی (ل:189) ، پەیدا بوونی (ل:140، 170) ، ڕەت کردنەوەی (ل:144، 140) ، هەوڵ دان (ل:140، 159، 155) ، مەحکووم کردنی (ل:140) ، تاقی کردنەوەی (ل:140) ، پێشێل کردنی/نەکردنی (ل:160، 140، 142) ، زیاد کردنی (ل:143) ، پەیمان بەستن (ل:144) ، مان گرتن (ل:152، 147) ، دیاری کردنی (ل:148) ، بەرهەم بردنی (ل:149) ، وەلاوە نراو (ل: 150) ، لەسەر نەکراو (ل:150) ، کۆتا هێنان (ل:151) ، ڕەپێش خستن (151) ، دوور کەوتنەوە (ل:151) ، هەست کردن (ل:151) ، هەوڵ دان (ل:152) ، مەحرووم کردن (ل:160، 155) ، هەڵ دەنرێن (ل:155) ، خۆش کردنی (ل:157) ، دەست هەڵگرتنی (ل:160) ، ئاماژە کردن (ل:160) ، ڕۆشن کردنەوەی (ل:163) ، سەرنج ڕاکێش (ل:168، 200) ، پشت گوێ (ل:168) ، ڕەچاو گرتنی (ل:171) ، چڕ کردنەوەی (ل:171) ، چارە کردنی (ل:172) ، داگیر کردن/کردنەکانی (ل:173، 198) ، دیاری کراوی (ل:174) ، سەرپەرشتی کردنی (ل:175) ، خۆ تەیار کردنی (ل:176، 204، 189) ، ئازاد کردنی (ل:176، 189) ، بە خۆدا چوونەوە (ل: 191) ، ڕێ نیشاندەر (ل:195) ، ڕوون کردنەوەی (ل:196) ، خەبات کردن (ل:198) ، دەست نیشان (ل:199، 226، 199) ، دەستوور دانانی (ل:199) ، ڕەش کردنەوە (ل:201) ، چارە کردنی (ل:201) ، پاک کردنەوە/کردنەوەی (ل:203، 218) ، بەکار هێنانی (ل:203) ، لێک بدرێتەوە (ل:208) ، باس کردنی (ل:208) ، بە سووک دانانی (ل:212) ، ڕەت کردنەوەی (ل:214) ، شین بوون/بوونی (ل:214، 223) ، بنیات نانەوەی (ل:218) ، یەک لایەنانە (ل:219) ، هەرەس هێنان (ل:221) ، شی کردنەوەی (ل:223) ، دەنگ دان (ل:240، 226، 225) ، دیاری کراوی (ل:226) ، باج گرتنی (ل:235) ، ڕەنگ دانەوەی (ل:236) ، تێک بەستنی (ل: 236) ، بڕیار دان (ل:246) ، وشەگەلێکن یەک واتا دەدەن و یەک وشە پێکدەهێنن، واتە وشەگەلێکی لێکدراون، کە بە بڕوای من دەبوو بەم شێوەیە بنووسرابان: ڕێکخستن، کۆنترۆڵکردن، ڕێککردنی، بڕیاردانی، دابەشکردنێک، دیاریکردنی، کەمکردنەوەی، ڕاوێژکردنی، دابینکردنی، پێشان دانی، بەرهەمهێنان/بەرهەمهێنانی، مەسرەفکردن، بەرهەمبردن، پێشێلکردنیان، خەفەکردنی، چارەکردنی، دەنگدان،

گەشەکردن/گەشەکردنی، کەمهەژماردا، دروستبوون/دروستبوونی، بیرکردنەوەی، خۆشکردنی، پەسەندکردن، ڕەتکردنەوە، کەمبوونەوەی، بەرپەرچدانەوەی، دیاریکراو/دیاریکردنی، دەستتێوەردانی/دەستێوەردان، نوێکردنەوەی، خزمەتکردنی، بڕیاردان/بڕیاردانی، باجگرتن، خامۆشکردن، ڕێبەستن، هەوڵدان، یەکگرتنی/یەکگرتن/یەکگرتنێکی، ئەهلیکردنی، بەردەوامبوون، شیکردنەوەی، دەرککردنی/دەرککردنیان، کارتێکردنی/کارکردن، حوکومکردنی، ڕێبەرایەتیکردنی، بیرازکردنی، پیادەکردنی، تێهەڵکێشکردنی، چاککردنی/چاکترکردنی، قەدەغەکردنی/قەدەغەبوون، خۆدابڕین، دەرسدانێکی، بنەبڕکردنی، بەرزکردنەوەی، پەیداکردنی/بوونی، چارەسەر کردنی، سەرەوژێرکردنەوەی، نێزیکبوونەوە، دەسەلاتگرتنەدەست، ڕاستکردنەوەی، قایلکردنی، دەستبەرداری، دەستووردانان، ڕێکخستنی، مشتومالکردنی، وازهێنانی، باوەڕهێنانی، پارسەنگکردنی، هاوسەنگکردنی، لێکترگەیشتنی، دەنگدان، زاڵبوون، ڕەشکردنەوەی، جوداکردنەوەی، سەرنجراکێش، بەڕێوە بردنی، یەکخستنی، مانگرتنی/مانگرتن، جێبەجێکردنی، تەرخانکردنی، کۆککردنی، ڕێککەوتن، پەیمانبەستن، دروستکردنی/دروستبوونی، هەڵنرابوون، لەچارەنەهاتوو، پاسدانی، جێدەهێڵێ، ڕاڤەدانی، گوشارهێنانی، کارخانەبەستن، نیشتەجێبوون، زەوتکردنی، لێکدانەوە، پێکدێنن، ئەنجامدانی، کۆمەککردنی، بەرهەڵستکردنی، پەیدابوونی، ڕەتکردنەوەی، هەوڵدان، مەحکوومکردنی، تاقیکردنەوەی، پێشێلکردنی/پێشێلەکردنی، زیادکردنی، پەیمانبەستن، مانگرتن، دیاریکردنی، بەرهەمبردنی، وەلاوەنراو، لەسەرنەکراو، کۆتاهێنان، ڕەپێشخستن، دوورکەوتنەوە، هەستکردن، هەوڵدان، مەحرووم‌کردن، هەڵدەنرێن، خۆشکردنی، دەستهەڵگرتنی، ئاماژەکردن، ڕۆشنکردنەوەی، سەرنجراکێش، پشتگوێ، ڕەچاوگرتنی، چڕکردنەوەی، چارەکردنی، داگیرکردن/داگیرکردنەکانی، دیاریکراوی، سەرپەرشتیکردنی، خۆتەیارکردنی، ئازادکردنی، بەخۆداچوونەوە، ڕێنیشاندەر، ڕوونکردنەوەی، خەباتکردن، دەستنیشان، دەستووردانانی، ڕەشکردنەوە، چارەکردنی، پاککردنەوە/پاککردنەوەی، بەکارهێنانی، لێکبدرێتەوە، باسکردنی، بەسووکدانانی، ڕەتکردنەوەی، شینبوون/شینبوونی، بنیاتنانەوەی، یەکلایەنانە، هەرەسهێنان، شیکردنەوەی، دەنگدان، دیاریکراوی، باجگرتنی، ڕەنگدانەوەی، تێکبەستنی، بڕیاردان.

2. وشەگەلی: دەگەڕێنە (ل:13) ، ئازدی (ل:13) ، بزانین وەرامی (ل:19) ، نۆرەیەکی گەنگی هەیە (ل:19) ، باباتە (ل:37) ، گومنکارانە (ل:62) ، پارتەی (ل:93) ، هاوکوی (ل:153) ، بگرێت (ل:170) ، بورای (ل:195، 171) ، دەربارە (ل:205) ، ئەلمانایا (ل:213) ، هەڵەن و دەشزانم و دڵنیاشم لەوەی، کە هەڵەی چاپن، چونکە"ئاسۆس کەمال"، هێندە وردبین و وردکارە، کە شتی لەو بابەتانەی بەسەردا تێناپەڕن. ڕاستییەکانیان گەرەکە وەها بن: دەگەڕێنەوە، ئازادی، بزانین لە وەرامی، نۆرەیەکی گرنگی هەیە، بابەتە، گومانکارانە، پارتی، هاوکۆی، بگرێتەوە، بواری، دەربارەی، ئەڵمانیا.

ئێمە ئەگەر بزانین و دان بەوەدا بنێین، کە کرۆک و بنگەی ژیاریی خۆراوا و هۆی پەرەسەندن و فراژووتنی ئەم سەردەمەی، بە لای کەمەوە لە ڕووی هزر و دیتن و تێڕوانینەوە، دەگەڕێتەوە بۆ، بەرەلاکردنی بیر و ڕێگەدان بە لێکۆڵینەوە و پشکنین و سەردەستیی زانست و ڕەهاکردنی ئازادی تەواوی بیروباوەڕ و بۆچوون و ئەگەر لەوەش تێبگەین، کە سنوورەکانی نێوان هزر و ئایدیۆلۆژیای سیاسی، بەتایبەت لەم ڕۆژگارەدا، سڕاونەتەوە و لە نێو یەکدیدان و تێکەڵن و گرێدراوی یەکدین و کاریگەرییان لە سەر یەکتر هەیە، چونکە سیاسەت و هزر، پێکرا گرێدراون، ئەوا "ئاسۆس کەمال"، بەم بەرهەمەی، دەرگایەکی بۆ چوونەژوورەوەیەکی زانستییانەی مەیدانی لێکۆڵینەوە و دەمەتەقە و شیکردنەوە، لە بواری ئایدیۆلۆژیا سیاسییەکاندا، بۆ خوێنەر و باسکاری کورد، خستووەتە سەرپشت وئاوەلا کردووە و بە بەکاربردنی کۆمەڵێک پەیڤ و دەستەواژەی نوێیش، گەلێک خزمەتی بە وشە و زمان و هزر و فەرهەنگی کوردی کردووە. پێم وایە زێتریشی پێ

www.kurdistannet.org
24/07/2003 01:48

دەکرێت. هیوادارم چەقبەستوویی و مەنگیی گۆمی فەرهەنگی کوردی، تووشی ئومێدبڕاوی نەکات و کۆڵنەدات و بەرهەمی دیکەی بخوێنینەوە.

2003-1-31

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت